# چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی

**وشیار ئەحمەد محەممەد عەلی**
ڕاوێژکاری وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی



بیرۆکەی کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر ئەوە ئەوەستێت کە دەوڵەت بەتەنها ناتوانێت واقیعی نێو کۆمەڵگا بگۆرێت و گۆرانکاری کۆمەڵایەتی بهێنێتە بنیاتنان و سەرجەم کایە کۆمەڵایەتیەکان بەرێوەببات بەڵکو شان لەشانی دەوڵەت دەکرێت سەندیکا و کۆمەڵە و رێکخراوە ناحکومییەکان و رۆژنامە و راگەیاندن و ئەو کۆمەڵە جیاوازانەی تر کە بەشێوەی خۆبەخش و سەربەخۆ کار دەکەن دەوریان هەبێت لەگۆرینی کۆمەڵگا و پێشخستن و زامنکردنی مافەکانی تاک و برەودان بە هۆشیاریی سیاسی و ئابورییەکان لەلایەک و پێکهێنانی چەند گروپێکی فشار لەسەر دەوڵەت لە لایەکی ترەوە.

کەواتە کۆمەڵگای مەدەنی رووبەرێکی مەدەنی جیا لە دەسەڵاتی دەوڵەت ئەمەش لەلایەن دەولەتەوە دورست نابێت و سەپەرشتی ناکرێت و ناسراوە بە سەربەخۆیی و خۆرێکخستن و روحی دەسپێشخەری تاکەکەس و بەکۆمەڵ و کارکردنی خۆبەخشی بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی بۆ سەلماندنی رایەکی دیاری کرا و یان ملکەچکردن راکانیان و بەشداری کردن و هاوکاری کردن و لێبوردن و چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ناکۆکیەکان واتە دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی یارمەتی فرەیی و بیرۆکەی پەسەندکردنی بەرامبەر دەدات.

رێکخراوە ناحکومییەکانیش لەگرنگترین رووکەشەکانی کۆمەڵگای مەدەنیە کە بە خۆبەخشکردن و سەربەخۆیی ماددی و ئیداری ناسراوە هەروەها پیشەییە و کار بۆ قازانج کردن ناکات و لەلایەن دەولەتەوە دروست نابێت و سەرپەرشتی ناکرێت و ئامانجی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە، لەو رێگایەوە خزمەت بەتاکەکانی کۆمەڵ دەکات بێ ئەوەی جێی دەوڵەت بگرێتەوە ئەم رێکخراوانە رێکخراوی مرۆیین و لەگرنگترین خاسیەتەکانی سەربەخۆیی ماددی و ئیدارەیان پێوە دیارە بەتایبەت ئەو رێکخراوانەی کەلەبواری مافی مرۆڤدا کار دەکەن.

